

# ڕازاندنەوەی ماڵەکەت لە ڕۆژانی جەژن و دوای جەژن





سالأنە وەك نەریتێك پێویستە ماڵەکەت بۆ ڕۆژانی جەژن ئامادە بکەیت، تا میوانانان و ئەندامانی ماڵەکەت هەست بە کەشێکی خۆش بکەن و دیمەنێکی جەژنانەی پێوە دیار بێت، هەورەها دیکۆری ماڵەکەت ڕازاوە و جوان بێت، جگە لە دەستخۆشی گلەیی و گازەندەت نەیەتە سەر، هەوڵبدە (٣) ڕۆژ بەر لە جەژن، یان دوای جەژن تەواوی ئامادەکارییەکان بکەیت، تا بە کات و کارەکانت بگەیت، سەرەتا هەڵمەتێکی تەواوی پاککردنەوەی ماڵەکەت دەست پێ بکە، ئەگەر بە تەنیاش نەتتوانی داوای هاوکاری لە کەسانی دیکەی نزیك خۆت بکە، چونکە هەموو کارێك گرانە بەڵام بە هەرەوەزی ئاسانە، دواتر پارچە و ئێکسسوار و کەرەستەی ڕەنگاوڕەنگ و گوڵدار لە زۆربەی بەشەکانی ماڵەکەتدا دابنێ، گوڵ و گوڵزاریش هێمای جوانییە و کەرەستەی وەرزە، جێگەی ئەوانیش بکەوە، گۆڕانکاری لە دیکۆری ماڵەکەتدا بکە، بە مەرجێك هەست بە گۆڕانکارییەکان بکرێت، میزەڵدان و چڕیشی ڕەنگاڵە لە سەقف و دیوارەکانی ماڵەکەت بدە، ئەگەر لەلات ئاسایی بوو بەردەرکە و دیوی دەرەوەی ماڵەکەت بڕازێنەوە، تا هێمای جەژن و شادی بە خۆت و خێزان و دیکۆری ماڵەکەتەوە دیار بێت، خواردنی خۆش بۆ ڕۆژی جەژن و شیرینی و چەرەزیش پێشکەشی ئەندامان و میوانانت بکە.

# دیاری و خەڵات وەک هێمای پاکی و خۆشەویستییە





دیاری و خەڵات، هێمای بەرزترین پاکی و وەفا و خۆشەویستین، ئەو دوو بابەتە جوانە لە ڕۆژانی ئاساییدا گۆڕینەوەیان لە نێوان تاکەکاندا هێندە مانا بەخشە و خۆشی دەبەخشێ، ئەی ئەگەر لە ڕۆژانی جەژن و دوای جەژن، یان بۆنە و یادەکاندا بگۆڕدرێتەوە، مانایەکی دیکەی دەبێت، یان ئەگەر وەك جەژنانەیەك پێشکەش بە کەسێکی بکەیت، ئەوا لەلای ئەو کەسە دەبێتە دوو جەژن، تۆش لەو ماوەیە هەڵمەتێك بکە و کەسە خۆشەویستەکانت بەسەربکەرەوە، ئەو بەسەرکردنەوەیەش با بە دیاری و خەڵاتەوە بێت، تا زیاتر دڵیان خۆش بکە، دیاری ئەگەر بچووکیش بێت، نرخی خۆیی هەیە، سەرەتا لە ئەندامانی خێزانەکەتەو دەست پێ بکە، بۆ هەر یەکێکیان دیارییەکی بچووك، یان گەورە ئامادە بکە، وابکە کەسیش پێینەزانێت تا بەرە بەیانی ڕۆژنی جەژن دیارییەکان پێشکەش دەکەیت، هەوڵبدە بزانیت هەر یەکە چی دەوێت و چی بە دڵە بۆی فەراهام بکە، دواتر لە دوای هاوڕێی و خزم و کەسەکان بگەڕێ، بە مەرجێك شایانی دیاری و سوپاسگوزاری بن، بۆ ئەوانیش بەپێی تەمەن و کەسایەتی ئێکسسوار و خشڵەکان بۆ کچەکان، کاتژمێر و بەرگی مۆبایل بۆ کوڕەکان، هەروەها جەژنانەش ئامادە بکە کە شیرینی و دیاری بچووك بن، لە ڕۆژانی دوای جەژنیشدا پێشکەشی خۆشەویستانی بکە.



# پێنج جۆرە پێڵاو بۆ وەرزی گەرما

لە وەرزی گەرمادا، گرنگە جل و بەرگ و کەرەستەکان لەگەڵ ئەو کەشەدا بگونجێن، ئەگینا زیان لە جوانیت و جەستەت دەدەیت، پێڵاوەکانیش جوانترین مۆدی ئەو وەرزەن، بەهۆی پۆشینی جلی کورت و تەسکەوە بەشێکی زۆری پێڵاوەکان بەدەردەکەون، لێرەدا ئاماژە بە (٥) جۆرە پێڵاوی شیاو بۆ کەشی گەرما دەکەین کە بریتیین لە: سەندەڵ، یەکێکە لە کراوەترین و نەرمترین پێڵاو بۆ کەشی گەرما، جگە لەوەی لەپێکردنی ئاسانە، هەروەها پێیەکانت هەردەم فێنك دەبن و تووشی گرفت نابنەوە، دەتوانی لەگەڵ تەنووری کورت و پانتۆڵ لە پێی بکەیت، جۆری دووەم پێڵاوی پاژنە بەرزی شێوە پشیلە، مۆدێکی دیکەیە بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان لەگەڵ کراسی کوردی و جلی دیکەدا لەپێ دەکرێت،جۆری سێیەم پێڵاوی وەرزشییە، کە دەتوانی لەگەڵ پانتۆڵی کورت و تەنووری درێژ لە پێ بکەیت، پێڵاوی شەبشەبی شێوە پەنجە، خۆی لە جۆری چوارەم دەدۆزێتەوە، کە باریکە و سەری پەنجەکانت بە دیار دەکەون، شێوەیان داخراو نییە، بەڵام زۆربەی بەشی پێ دادەپۆشێت، هەم فێنکە هەم ئەزیەتی پێیەکانت نادات، جۆری پێنجەم، پێڵاوی لاستیك و پێستە، بۆ شوێنی فەرمی و دەوام و زانکۆ لە پێی دەکرێن.



# جلوبەرگی سپی
# شاژنی کەشی گەرما

لە وەرزی گەرمادا هەموو کەرەستە ڕەنگ سپییەکان باون و خواست لەسەریان زیاد دەبێت، ئەوەی زیاتر بەلای ئافرەتانەوە گرنگە جلوبەرگە، کاتێك جلێکی سپیت لەبەردا دەبێت، لە گەرما بە دوور دەبیت و مۆدێکی سەرنجڕاکێشت پێدەبەخشێت، دەتوانیت تەواوی جلەکانت سپی بێت، تا لە گەرما پارێزراو بیت و ئاسەواری ئارەقەت پێوە دیار نەبێت، یان دەتوانی بەشێکی جلەکەت سپی بێت، وەك کراسێکی سپیی کلاسیك و پانتۆڵێکی حەریری کراوە، کە مۆدێکی نایاب دروست دەکەن، دەکرێت تەنوورەیەکی سپی و بەدییەکی سپی نەخشدار و ڕەنگدار لەبەر بکەیت، مۆدێکی دیکەی ڕەنگی سپی کراسی درێژی سپی لەگەڵ سێچارێگێك دەبێتە یەکێکە لە مۆدە سەرنجڕاکێشەکانت، تیشێرتی سپی و پانتۆڵی جینزی سپی، لەگەڵ پووتێکی سپی و تێکەڵ بە ڕەنگی دیکە جوانترین مۆد بە جەستەت دەبەخشن، چونکە ئەو شێوازە لەلایەن کچە ناودارەکانی جیهان وەك: بێلا حەدید و سیلینا گۆمێز دەپۆشرێت.

## نمایشی خێراترین سەما



سەمای هەر نەتەوە و وڵاتێك جیاوازە لەگەڵ هاوشێوەکانی دیکەدا، یەکێك لە سەیرترین جۆرەکانی سەماکردن، سەمای وڵاتی هەنگاریایە، کە پێویستە خێراترین جووڵە و بەرز و نزمیی پێوە دیار بێت، دواجار گرووپێك بە ناوی (گیتۆ کومپیتۆس) ـە کە لە سێ کەس پێکدێن، بە ناوەکانی (گرگلی و ماتی و ئەحمەد) لە نمایشێکی پێشبڕکێی سەمادا، سەمای هەنگاریان بە جوانی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، بە هۆی خێرایی سەماکەوە زۆربەی ئامادەبووان نەیاندەتوانی هەموو جووڵەی سەمای گرووپەکە ببینن، سەماکە بەناوی (تریۆ فریسکا)یە، ئەوەی جێگەی سەرنجە گرووپەکە رۆژانە ماوەی چوار کاتژمێر راهێنانیان دەکرد، تا بتوانن ئەو سەما خێرایە پێشکەش بکەن.

## درێژترین یاریی مەرگەڕێ



یاریی مەرگەڕێ (سكة الموت) یان هێڵی مەرگ، یەکێکە لە یارییە بە جۆشەکانی بواری کات بەسەربردن لە شاری یاری، ئێستا بۆتە یاریی گەورەکان، چونکە منداڵان بەهۆی ترسناکیی یارییەکە ناتوانن سەربکەون، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و لە کوردستانیش ئەو یارییە هەیە، هەندێکیان لە شێوەی شەمەندەفەڕێکی بچووکە و جۆری دیکەش وە کابینەی تاك تاك هەیە، لە کوردستان پێشتر لە شاری یاری فاملی فەن هەبوو، دواجار وڵاتی کەنەدا دەسپێشخەری خۆی لەو یارییەدا کرد و درێژترین و خێراترین یاریی مەگەڕێی دروستکرد، یارییەکە دەکەوێتە باخچەی (wonderland) لە شاری ئۆنتاریۆی کەنەدا، کە بە یاری (Yukon striker) ناسراوە، درێژی یارییەکە (٧٥) مەترە و بە گۆشەی (٩٠) پلەو لە بەرزایی دێتە خوارەوە، خێرایی یارییەکە دەگاتە (١٣٠) کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، وەك ئەوەی لەناو ئۆتۆمبێلدا بیت و بە خێرایی (١٣٠) کیلۆمەتر بڕوات.

## مەرجەکانی سەردان و بینینی شاژن



سەردانی بنەماڵەی شاهانەی بەریتانیا و خێزانەکەی بۆ هەموو کەسێکە رێپێدراوە، تەنانەت ئەگەر هاووڵاتی بەریتانیش نەبیت، بەڵام پێگەی (مێرۆری بەریتانی) دواترین مەرج و ئەتەکێتە پڕۆتۆکۆلییەکانی سەردانیکردن و بینینی شاژنی بەریتانیای راگەیاند، کە هەندێکیان جێگەی سەسوڕمانن، مەرجەکانیش بریتین لە: بە هیچ شێوەیەك نابێت دەستت بەر شاژن بکەوێت، هەروەها نابێ دەستکاری کەلوپەل و کەرەستەکانی نێو کۆشکی شاهانە بکەیت، تەنیا تەوقەکردن ئاساییە، پێویستە دیارییەك بۆ شاژن و خێزانی شاهانە لەگەڵ خۆتدا بیبەیت، پێویستە لە کاتی هاتنی شاژن، بە پێوە بوەستیت تا شاژن دانەنیشێت، نابێ تۆش دابنیشیت، جلەکانت نابێ رووت بن، یان وشەی نەشیاوی لەسەر نووسرابێت، لە کاتی تەوقەکردن و قسەکردن دەبێت بە (خاوەن شکۆ، یان خاتوونی شاژن) بانگی بکەیت، هەروەها لە کاتی قسەکردنیش، نابێ تۆ دەستپێشخەر بیت، بەڵکو چاوەڕێ دەکەیت تا ئەو قسە دەکات، ئینجا تۆ وەڵام دەدەیتەوە.



# ماکیاژی وێنەکێشانی روخسار لە کوردستان

ماکیاژ روخسار – Face makeup یەکێکە لە بوارەکانی ماکیاژ و وێنەکێشان، کە دوو لایەن لە خۆ دەگرێت، ئەو جۆرە ماکیاژە بۆ چەندین بواری جۆراوجۆر بەکاردێت، لەوانە: لە فیلم و نمایش و فیستیڤاڵ و نەخشی سەر روخسارەوە، ئێستا لە کوردستان کەسانێك هەڵکەوتوون ئەو جۆرە ماکیاژە دەکەن، یەکێك لەوانە کچە کوردێکە بەناوی (وان هاوار) کە بڕوانامەی لە یاسا هەیە، کەچی خولیای ئەو جۆرە ماکیاژەی روخسارە، بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە گۆڤاری گوڵان لەنزیکەوە گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا .

*** ماکیاجی روخسار چییە و بۆ چ مەبەستێك بەکار دێت؟**

- ئاشکرایە باوە ماکیاژ وەك کارێکی سرووشتی بۆ ئارایشت بەکاردێ، بەڵام ئەو جۆرە ماکیاژە لە بواری فیلم و سینەما و نمایشدا بەکاردێت، چونکە مەرج نییە تەنیا بۆ جوانی و ئارایشتی روخسار بێت.

*** چۆن بوو بیرۆکەی ئەو کارەت بۆ هات؟**

- بیرۆکەی ئەو کارەم تەنیا بۆ خۆشی و ئارایشت نییە، بەڵکو بۆ سوودوەرگرتن و زۆر بواری دیکەش بەکاردێت، بۆ نموونە: بۆ منداڵان وەك شتێکی خۆشی و جوانی وێنەی کارتۆنی و گوڵ و ئاڵای کوردستان، یان لە فیلمەکانی سینەمای وەك زۆمبی و ترسناك چەندین خولی لەسەر دەکرێتەوە، تەنانەت، بڕوانامەشی لەسەرە و بەو کەسانە دەدرێت کە ئەو بوارە فێر دەبن.

*** بۆ ماکیاجی روخسار چ جۆرە کەرەستە و رەنگێك بەکاردەهێنیت؟**

- ئەو کەرەستانەی کە تایبەتە بە روخسار، چونکە پێستی روخسار ناسکە، بەکارهێنانی هەموو بۆیە و ماددەیەکی کیمیاوی رەنگە زیان بە روخسار بگەیەنێت، بەڵام ئەو بۆیەیە تەنیا بۆ جوانکاری و ماکیاژی روخسار دروست کراوە، کەرەستەکان لە شوێنی گونجاو و لەلایەن کەسی شارەزاوە بەکاربهێنرێت.

*** تا ئێستا لە چەند نمایش و کاری هونەریدا بەشداریت کردووە؟**

- تا ئێستا بۆم نەڕەخساوە، بەڵام نیازم هەیە چالاکیم هەبێت و نمایش بکەم، تا بتوانم خەندە و ماکیاژ بخەمە سەر روخساری منداڵان، یان لە بۆنە گشتی و تایبەتەکاندا رەنگی خەڵك بە چەندین وێنە و شێوە و ناو و پیتی جۆراوجۆر بکێشم، ئامادەشم ئەگەر کارێکی فیلمی ترسناك، یان هەر فیلم و بەرهەمێك پێویستی بەو بەهرەیەی من هەبێت، بەشدار دەبم.

*** ئەو جۆرە ماکیاجی فەیسە زیاتر بۆ چ کات و شوێنێك گونجاوە؟**


- ئەو جۆرە ماکیاژە بۆ کاتەکانی خۆشی و فیلم، یان بۆنەی وەرزشی بەکاردێت، دەکرێت وەك کارێکی کات بەسەربردن وەك چۆن لە فیستیڤاڵی رەنگەکانەوە زۆربەی ئامادەبووان روخساری خۆیان بە ماکیاژ و رەنگی جۆراوجۆر کردبوو، ئاوها بەکار بێت.

*** بڕوانامەت لە یاسا هەیە، بەڵام چۆن توانیت پەرە بە کارکردن لە بواری دیکە بدەیت؟**


- وەك خولیا و حەزێکی خۆم بۆ ئەو بوارە، کە لە فیلم و وێنەکانی ئینتەرنێت و چۆنێتی کێشانی وێنەی جۆراوجۆر وەك ترسناك و بۆ جوانی و کۆمێدی زۆر سەرنجم دەدا، ئێستا من کار دەکەم و دوای کارەکەم خەریکی ئەو کارە دەبم، تا بتوانم شتێکی دیکە فێر بم، بۆ ئەوەی بتوانم تازەگەری لە بەهرە و تواناکانمدا بکەم.

# گەشتکردنی نێو زەریاکان بە بەرمیل





گەشتکردن خەونی هەموو کەسێکە، چونکە زۆرترین شوێن و ناوچە و کولتووری جیهانت بەرچاو دەکەوێت، بەڵام سەرکێشی ئەو پیاوە فەڕەنسییە سەیرترە لە گەشتکردن بۆ وڵاتان، ئەو کەسە سەرکێشە کە ناوی (جان جاك سافین)ـە، بە بەرمیلێکی گەورەی دروستکراوی دەستی خۆی کە هاوشێوەی کەپسوولێکی کەشتیوانییە، بە نیازە گەشتێك بەنێو زەریاکانی ئەتەڵەسی و هێمن بکات، ئەو پیاوە تەمەنی (٧١) ساڵە، سەرەتای گەشتەکەی لە زەریای ئەتڵەسی دەستپێکردووە نزیکەی چوار مانگە بەڕێوەیە بەرەو کەناری کاریبی، کەپسوولەکەی ئەو پیاوە ماوەی دوو میل لە کاتژمێرێکدا دەبڕێت، ماوە ماوەش پۆستێك بە وێنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکاتەوە، کەپسوولەکەی (١٠) پێ درێژە و (٧) پێی پانە، لە شوێنی نووستن و چێشتخانەیەکی بچووك پێکهاتووە.




## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە، باس لەو مامۆستایانە دەکات کە ناتوانن قوتابی بە جوانی تێبگەیەنن، یان ڕێگەی وانەوتنەوەیان هەڵەیە و بەپێی ڕاسپاردەکان ناڕۆن، هەر بۆیە قوتابییەکە سەرسوڕمان و حەیران بە دیار مامۆستاکەیەوە دادەنیشێت و زانیارییەکان بەر لەوەی بە قوتابییەکە بگات، دەڕژێت.

## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیەدا چەند جیاوازییەك هەیە، بیاندۆزەوە








## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا دوو مندال دەیانەوێت بچنەوە ماڵەوە، ڕێگەشیان ون کردووە، لە ماوەی (١) خولەکدا ڕێگەیان بۆ دیاری بکە و ڕێگای ڕاستەقینە بدۆزەوە.



## فێلکاری چاو

لەم وێنەیەدا دوو مندال دەیانەوێت بچنەوە ماڵەوە، ڕێگەشیان ون کردووە، لە ماوەی (١) خولەکدا ڕێگەیان بۆ دیاری بکە و ڕێگای ڕاستەقینە بدۆزەوە.

## نمایشکاری جلوبەرگ بە لەچك



حاڵەتێکی تازە و دەگمەن لە جیهانی فاشیۆن و مۆدەدا، کاتێك کچێکی لەچکدار لەسەر ستێجەکانی نمایشی جل و بەرگ دەبیندرێت، ئەوەیان دواترین پێشهاتەکانی بواری مۆدەیە، کچێك بە جلی مەلە و جۆراوجۆر و بە لەچکەوە نمایش دەکات، ئەو کچە ناوی (حەلیمە عەدەن) ە، خەڵکی وڵاتی ئەمریکایە و بە

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

گۆڕانکاری لە ژیانتدا ڕوودەدات و خۆشییەکی کاتی بەرەوپیرت دەێت، چەند نهێنییەکی نوێ دەزانیت و وەك جاران متمانە بە گشت کەسێك ناکەیت، کەسێکی نزیکت چاوەڕێت دەکات، تۆش چیتر دڵی مەشکێنە و کارێك بکە کە پەیوەندی نێوانتان بە هێزتر بێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەبەر یارمەتیدانی خەڵکی ئاگات لە ژیانت نەماوە، خەریکی ژیانی تایبەتی خۆت بە، ئێستا ژیانت گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەرکی سەرشانت زیاتر بووە و بەرپرسیارێتیت زیادی کردووە، بۆیە دەبێت تۆش هەوڵ بدەی سیستەمێکی نوێ پەیڕەو بکەی.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێداچوونەوە بە ژیانتدا بکە، ئەوەی داهاتوو ڕوودەدات لە بەرژەوندی تۆیە، هەرگیز ئەو پرسیارەت لەخۆت نەکردووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسێکت لەخۆت ڕەنجاندووە؟، ئەگەر دەزانیت دڵی کەسێکت ڕەنجاندووە، بچۆ و داوای بەخشینی لێ بکە و لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوانتان بکەنەوە، ئەوەکارێکی زۆرباش دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


بیر لە خەمەکانت مەکەرەوە، هەڵسەوە و دووبارە هەوڵی کارەکانت بدەرەوە، کاتێك دەوروبەرەکەت بەباشی باست دەکەن ئەوەندە لەخۆبایی مەبە، هەندێك بواری گرنگی ژیان هەن وەك پێویست بایەخیان پێنادەیت. نامەیەکی زۆر گرنگت پێدەگات کە نهێنی نوێی تێدایە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەسانی دەوروبەر خەمی تۆیانە و تۆش گوێڕایەڵیان بە تا بەرژەوەندیت لە دەست نەدەیت، ڕاشکاوانە هەستی خۆت بۆ کەسی بەرامبەر ئاشکرا بکە، بە چاوەڕوانیکردن ئازاری خۆت و ئەو مەدە، وا باشترە بۆ بینینی یەکتر کاتێك دیاری بکەن و تۆش بە ڕاشکاوانە قسەی ناخی دڵت بە کەسی بەرامبەر بڵێ.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خەمەکانت با ببنە وانەیەك بۆت، تا جارێکی دیکە هەڵەکان دووبارە نەکەیتەوە، خەونەکانت زۆرن و لە ژماردن نایەن، بۆ گەیشتن پێیان دەبێت هەوڵی زیاتر بدەیت، ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوام بیت، زۆر شتی گرنگت لە دەست دەچێت و دواتر پەشیمان دەبیتەوە، ڕەنگە ئەو کاتە پەشیمانی دادت نەدات.



## پەند و وتە

ماری وۆڵستۆنکرافت، خانمە نووسەری ئینگلیزی و فەیلەسووف و هەروەها داکۆکیکاری مافی ئافرەت، لە ساڵی (١٧٥٩) لە سپیتلڤێلدت لە ئینگلتەرا لە دایك بووە، لە ساڵی (١٧٩٧) لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئازادیی مرۆڤ گوتوویەتی: دەبینن کە پیاوان بۆ ئازادی هەموو ڕێگەیەك دەگرنە بەر، تەنانەت شەڕ و جەنگیش بەرپا دەکەن، ئایا ئەوە یەکسانە بەو ئازادییەی کە ئافرەتانیش داوای دەکەن؟ کەچی ئافرەتان زۆرترین قوربانی لە پێناو بڕێك ئازادی دەدەن و پاداشتیش ناکرێن.




مەڕێك دەبەن بۆ سەربڕین، لەو کاتە گوێدرێژێك پێدەکەنێت و دەڵێت: بڕۆ ئێستا سەرت دەبڕن بە مەڕی دەمری، مەڕەکەش دەڵێ: زۆر چاکترە لەوەی وەك تۆ بە کەری بژیم!

## بۆ زانیاریت

### پێشکەوتووترین فڕۆکەی جیهان

ئەو جۆرە فڕۆکەیە کە لە لایەن کۆمپانیای لۆکید مارتن سەرپەرشتی دروستکردنی دەکرێت، بە فڕۆکەی F35 بروسکی دوو دەناسرێت، لە ساڵی ٢٠٠٦دەستکرا بە یەکەم تاقیکردنەوەی فڕینی فڕۆکەکە، لە سالی٢٠١٥یەکەمین دانەی لێ نمایش کرا، وابڕیارە تا سالی ٢٠٢٠کاری تێدا بکرێت، خێرای ئەم فڕۆکەیە ١،٦جار خێراترە لە خێرایی دەنگ واتە، ١٢٠٠ماستەر، یان بە خێرای (١٩٣٠کم/کاتژمێر)، ئەمەش واتا بڕینی ١٩٣٠کیلۆمەتر بۆ کاتژمێرێك.

ئەم فڕۆکەیە لەخێزانی (F117)ی ئەمریکییە، کە بە خێراترین فڕۆکەی سەدەی ٢٠ دادەنرێت، سێ جۆرە مۆدێلی جیاوازی هەن، ئەوانیش F35A ئاسایی کە تێچووی دروستکردنی (٨٩،٢)ملیۆن دۆلارە، هەروەها F35B تێچووی دروستکردنی (١١٥،٥) ملیۆن دۆلارە، جۆری سێیەمییش F35C تێچووی یەك دانەی (١٠٧،٧) ملیۆن دۆلارە، وابڕیارە تا ساڵی ٢٠٧٠ لە خزمەتی سەربازیدا بێت، ئەو فڕۆکەیە دەتوانێ لە هەموو کەشوهەوایەکدا بفڕێت، تاوەکو ئێستا تەنیا وڵاتانی ئەمریکا و ئیسرائیل هەیانە.



ڕەچەڵەك سۆماڵییە، لە تەمەنی (٧) ساڵییەوە چۆتە ئەمریکا و ئێستاش لەوێ دەژی، وەك خۆی دەڵێ: بیرۆکەیەکی سەیرم بۆ هات، کە بۆ نابێت نمایشکارێك بە لەچکەوە دەربکەوێت، هەروەها دەڵێ: من موسڵمانم و ئەوەش ستایلی جلی ئێمەیە، ئاساییە هەر یەکە بە جلی نەتەوە و ئایینەکەی خۆیەوە نمایش بکات، خەونی داهاتوومە کە کچانی موسڵمانیش نمایش بە جلی جۆراوجۆرەوە بکەن، بە مەرجێك پارێزگاری لە مەرج و یاسا و ڕێساکانی ئیسلام و ئایینەکانیان بکەن.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی تازە هاتۆتە ناو ژیانتەوە، تۆش یارمەتی بدە، لە داهاتوودا سوودی دەبێت بۆت، ئەم هەفتەیە وەك هەمیشە ئاساییە، زۆربەی شتەکان وەك خۆیان دەبن، قسەی هاوڕێیەکت زۆر کاریگەریت لەسەر دروست دەکات کاتێك پێت دەڵێت چیتر بڕوا بە قسەکانت ناکەم، بەڵام ئەوە گاڵتەیە و تاقیکردنەوەیە.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسانێك دەیانەوێ لێت نزیك ببنەوە و لە کارەکانتدا بەشدار بن، تۆش ڕێگەیان پێ مەدە و لەسەر ژیانی خۆت بەردەوام بە، کەسێکی نزیکت دیارییەکی بەنرخت پێشکەش دەکات، تۆش قبووڵی بکە، ماوەیەکی زۆرە لە خۆشییەکان بێبەشی، لەکاتێکی نزیکدا دووبارە دەرگای شادی بە ڕووتدا دەکرێتەوە.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

خاوەنی بڕیاری خۆت بە و چاوت لە دەست و قسەی کەس نەبێ، ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی کەسێك دەکەی، پەیوەندییەکی سۆزداری لەنێوانتاندا دەست پێدەکات و ژیانی هەردووکتان پڕ دەبێت لە بەختەوەری، دەبێت هەمیشە ئاگاداری پاراستنی ئەو پەیوەندییە بن.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بەرژەوەندی خۆت بە کەس مەدە، ئاواتەکانت زۆریان نەماوە بێنەدی، بایەخی زیاتر بە ڕێکخستنی باری دارایی خۆت بدە، دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ دەستکەوتنی بڕێك پارە، ماوەی داهاتوو لەبەرژەوەندیتدایە، ئەگەر دەرفەتەکان بقۆزیتەوە ئەوا باری داراییت باشتر دەبێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بڕوات بە خۆت هەبێت و ئەوەی دەیکەیت هەڵە نییە، خۆت دووربگرە لە ناکۆکی و بە دڵێکی فراوانەوە ڕەخنەی ئەو هاوڕێیەت قبووڵ بکە کە بەرژەوەندیی تۆی دەوێت، هەرچەندە زۆر ڕەخنەت ئاراستە دەکات، بەڵام زۆربەی جار ڕەخنەکانی لەشوێنی خۆیانن و لەپێناو سەرکەوتنی تۆدان.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەرکی ئێستات بۆ کاتی داهاتووت دوامەخە، کەسانێك بایەخت پێ دەدەن و تۆش وەڵامت هەبێ بۆیان، زیاتر بایەخ بە چۆنێتی خەرجکردنی پارە بدە، چونکە مەرج نییە بەردەوام بەو شێوەیە ژیانت خۆش بێت، بۆیە پێویستە بیر لەکاتی تەنگانە بکەیتەوە. هەوڵ بۆ خۆشبەختی خۆت بدە و دڵی دەوروبەریشت خۆش بکە.